


# کەریم کابان لە دیدی هونەرمەندانەوە



**ئەنوەر قەرەداغی: هەستی بە بەرپرسیاریەتی دەکرد بەرامبەر بە میللەتەکەی**

یەکێك بوو لەو هونەرمەندانەی هەیبەتی بەخشیوە بە خەڵك، ئەمەش بۆ زۆر هۆکار دەگەڕێتەوە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکان بریتییە لە هەست کردن بە بەرپرسیاریەتی بەرامبەر بەو میللەتە و وەك کوردێکی نیشتیمانپەروەر لەم بوارەدا توانیویەتی ئەسپی خۆی تاو بدات و لەگەڵ ئێش و ئازارەکانی میللەتەکەی بژیت.

**دۆتمیر: بۆشاییەکی گەورەی جێهێشت**

لە مێژووی میللەتەکەمان بە دەیان هونەرمەند هەبوون کە ناویان بە زێڕ نووسراوەتەوە و لە هزر و بیری تاکی کورددا بە زیندوویی دەمێننەوە، چونکە لەگەڵ ئازارەکانی میللەت ژیاون و بە هونەرەکەیان خزمەتێکیان بە کەلتوور و فەرهەنگی میللەتەکەیان کردووە، هونەرمەند کەریم کابانیش یەکێك بووە لەو کەڵە هونەرمەندانەی کە بە هونەرەکەیان بە زیندوویی دەمێننەوە.

خوای گەورە بە بەهەشتی شاد بکات، بە کۆچی دوایی کەریم کابان بۆشاییەکی گەورەی لە نێو قوتابخانەی هونەری کوردیدا جێهێشت، بۆیە ئەم جۆرە مرۆڤانە هەمیشە بە زیندوویی دەمێننەوە.

**قادر ئەسعەد: کەریم کابان دەنگێکی زیندوو بۆ هەمیشە لە یادەوەریماندا دەمێنێتەوە**

ئەو وەکو کازیوەی سپێدەیێکی زوو لە ناخی وڵاتێکی پڕاو پڕ لە ئەندێشەو ئازار و تەمەنێک پڕ لە ئەسرین چاوی هەڵێنا هەر زوو بوو بە سەرقافڵەی کاروانی هونەرێکی ڕەسەن و پڕ لە داهێنان کە تا کورد مابێت مێلۆدییەکانی ئەویش وەک ئەستێرەو ئاسمان لە بڵندی خاکەوە بەرز و درەوشاوە جێگیر دەبن، هەموو بەیانییەکیش وەکو گزنگی خۆری گەش هەڵدێت و ئاوێتەی رۆحمان دەبێت شوکرانەو موژدەی مانەوەی هونەریکی ڕەسەن وپڕ لە جێژ بە نیشتیمان دەبەخشێت، کۆچی دوایی ئەو کەڵە هونەرمەندە بۆشاییەکی زۆر لە هونەری گۆرانی و موزیکی کوردی بەدوایی خۆیدا جێدەهێڵێت کە مەحاڵە بە ئاسانی ئەم پانتاییە بە کەسی تر پڕ بکرێتەوە.

سڵاو لە رۆحی پاکیان سڵاو لە هونەرو خەباتو ماندووبونیان سڵاو هەزاران جار سڵاو لە تەمەنی پڕ ئەسرینیان.

**رۆژان: بە دەنگە جوانەکەی بیرەوەرییەکانی منداڵیی سنەی بیر دەخستمەوە**

دو رۆژ لەمەو بەر هەواڵی کۆچی دوایی مامۆستا کەریم کابانم بێست زۆر دڵگران بووم، یادەوەری سەفەری کوردستانم کەوتە بیر، ساڵی ٢٠٠٥ بۆ کۆنسێرت هاتمە کوردستان هاوکات خاتوو مەرزیە کۆچی دوایی کرد و من بۆ پرسەی لە هەولێر مامەوە، لەو پرسەیە دا گشت هونەرمەندەکان لە هۆتێلماینەوە و بۆ یەکەم جار مامەستا کەریم کابانم لە نزیکەوە بینی، دوای مەراسیم من لە هۆتێل لە ژوورەکەی خۆم بووم کەسێک لە دەرگای دا و یەکێک لە هونەرمەندەکان کە ناویم لە یاد نییە وتی مامۆستا تۆی بانگهێشت کردووە، زۆر بەلامەوە سەیر بوو کە مامۆستا بە میهرەبانی و سۆزێکی باوکانە پێشوازی لێکردم و چەند کاتژمێرێک لە خزمەتی دا بووم، باسی بیرەوەرییەکانی رابردوو چالاکیەکانی بۆ کردم و پێی وتم : من دەنگ و کەسایەتی ئێوەم خۆشدەوێ و دەبێ زیاتر سەردانی کوردستان بکەی و لەسەر مۆسیقای کوردی زیاتر کار بکەی، چەند وێنەیەکمان گرت بەڵام وێنەکانم بە دەستم نەگەیشت، دواتر بە دەنگە جوانەکەی کە منی دەبردەوە بیرەوەرییەکانی منداڵی و نەوجەوانی سنە دەستی کرد بە گۆرانی وتن، زۆر چێژم وەرگرت لە سادەیی و میهرەبانی مامۆستا و بۆهەمیشە بیرەوەری جەنابی لام بە یادگار ماوە، خوداوەند رۆحیان شاد بکات و بۆ خزم و دۆستانی هیوای خۆراگری و سەبر دەخوازم و سەرەخۆشی خۆم ئاڕاستەی کۆمەڵگای هونەری کوردستان دەکەم.

**خالید بەرزنجی: تەنیا جەستەی سەفەری کردووە و دەنگ و هونەرەکەیٚ بە زوڵاڵی ماوەتەوە**

کاتێ ئاسمان ئەستێرەیەک ئەوەرێنێ، کاتێ بەهار خونچەیەک گەش ئەکاتەوە، کاتێ دەریا هەڵئەچێ و شەپۆل لە دایک ئەبێ هەر ئەو کاتە کەناریەک گەرووی خۆی پێشکەش کابان ئەکات و پێی ئەڵێ تو خوا بە رۆحی پڕ لە عەشقی خۆت بە ناوی کەریم کابان و بە گەرووی کەناری بچریکێنە بۆ ئەوەی عاشقان بزانن گریانی فیراق چەند بە ئازارە.

ئای فەلەك چەند بێباکە لە تێکدانی هەر شوێنەوارێك لە سڕینەوەی هەر مێژوویەك لە تەڵخ کردنی هەر کانییەك، بەداخەوە ئەمجارەیان و لە سەرەتای ساڵێکی نوێدا مەرگ دەستی کردە ملی تۆ ئەی گەرووە ئاڵتوونییەکە، دەستی کردە ملی تۆ، ئەی کابانی عاشق و هونەرمەند و گۆرانیبێژ، چیدی وەسیەتنامەی حەزرەتی وەلی دێوانەمان بۆ ناچڕی، ئەی تەمەنی پڕئەزموونمان بۆ باس ناکەیتەوە، بەڵام دڵنیابە تۆ تەنیا جەستەت سەفەری کرد و دەنگ و هونەرەکەت بە زوڵاڵی ماوەتەوە بۆ ئێمە و بۆ نەوەکانی دوای ئێمە ئەی کابانی لێوان لێو لە عەشق و جوانی خوات لەگەڵ..



**رۆژی پێنجشەممە ١٤-١-٢٠١٦ هونەرمەندی بەناوبانگی کوردستان بواری گۆرانی و موزیک کەریم کابان لە تەمەنی ٨٨ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. کەریم کابان لە ساڵی ١٩٢٧ لە گەڕەکی شێخانی کۆنی سلێمانی لەدایکبووە. ٣ کوڕ و ٣ کچی هەن. ئەو هونەرمەندە خاوەنی ٢٠ گۆرانی تۆمارکراوە، لەنێویاندا گۆرانی (یاران وەسیەتم، بێدارانی شەو) کە بەنێوبانگترنیانن. هەرچەندە بەرهەمەکانی کەریم کابان لە رووی ژمارەوە کەمە، بەڵام بەهۆی دەنگە خۆشەکەی، یەکێك بووە لە هونەرمەندە هەرە خۆشەویستەکانی کوردستان. یەکەم بەرهەمی تۆمارکراوی کەریم کابان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٤٥، بەوەش تاوەکو ئەو کاتەی کۆچی دوایی کرد، نزیکەی ٦٠ ساڵ خزمەتی هونەری گۆرانی و میوزیکی کوردی کردووە.**

# ئیشواریا رای جوانترین ئافرەتی جیهانە

جۆن لیجندی گۆرانیبێژی ناوداری ئەمریکی سەرسامیی خۆی بە خانمە هونەمەرمەندە شۆخ و شەنگەکەی بۆڵیوۆد ئیشوار یا رای دەربڕی و رایگەیان ئەو پێیوایە ئیشواریا جوانترین ئافرەتی بەهرەداری دنیایە تا ئێستا ئەو بینیویەتی.

جۆن کە ئێستا خۆی ئامادە دەکات بۆ هەڵمەتێکی ریکلامی بازرگانی شان بە شانی ئیشواریا وتی: جگە لە جوانییەکەی من ئیلهامی زۆر شتم لە کارێزمای تایبەتی ئیشواریا وەرگرتووە و لێی فێر بووم، بۆیە بە شانازییەوە دەڵێم دەرفەتی وتنی گۆرانی لەگەڵ یەکێك لە جوانترین ئافرەتە بەهرەمەندەکانی جیهان یەکێکە لە ئاواتەکانی ژیانم، چونکە ئیشواریا نموونەی جوانی و خۆشەویستییە لە یەك کاتدا.

ساڵی پار لە میانەی چالاکییەکانی فیستیڤاڵی (کان)ی سینەمایی نێودەوڵەتیدا ئیشواریا و جای لیجند و ئیڤا لۆنگۆریا بە یەکەوە زۆر وێنەیان گرت و لەو کاتەوە بیرۆکەی ئەم کارە هاوبەشەیان هاتە ئاراوە و ئێستا لە قۆناغی خۆ ئامادەکردندان بۆ ئەنجامدانی.



## لێندسی لۆهان: بیر لە سیاسەت دەکاتەوە




دوای ئەوەی کانی ویست رایگەیاند کە بە نیازە لە ساڵی ٢٠٢٠ خۆی بپاڵێوێت بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا زۆرێك لە ئافرەتە ناودارەکانی بواری هونەر و ئافرەتە بازرگان و وەرزشوانەکانی دیکەش بیر لەوە دەکەنەوە بە پشت بەستن بەو جەماوەرەی هەیانە بەتایبەتی ئەکتەر و گۆرانیبێژەکان.

بەم دواییە کچە ئەکتەر و گۆرانیبێژ لیندسی لۆهان رایگەیاند کە ئەگەری هەیە ئەویش خۆی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی ئەمریکا بپاڵێوێت واتە دەیەوێ رکابەرێتی چەند ئافرەتێکی دیکە بکات لەوانە هیلاری کلنتۆن، لەم بارەیەوە لۆهان سوپاسی کانی ویستی کرد و بە هۆکاری سەرەکی دانا بۆ ئەوەی بیر لەم هەنگاوە بکاتەوە و لەم بارەیەوە وتی: لە ساڵی ٢٠٢٠ بەشێوەیەکی فەرمی خۆم دەپاڵێوم بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری ئەمریکا، بە سەرکەوتن و سەرنەکەوتن دەتوانین کارێك ئەنجام بدەین، سوپاس بۆ کانی کە ئیلهام بەخشمان، ئێمە دەتوانین ئەم کارە ئەنجام بدەین، لۆهان زیاتر لەم بارەیەوە رایگەیاند کە کاری سەرەکیی بریتی دەبێت لە گرنگیدان بە منداڵە بێ نەواکان و لەم بارەیەوە پشت بە ئەزموونی خۆی دەبەستێت بۆیەش سەردانی وڵاتانی هیندستان و گواتیمالا و چەند وڵاتێکی دیکەی کردووە بۆ تۆمارکردنی فیلمێکی دیکیومنتاری بۆ کەناڵی BBC.

ئۆباما کە گاڵتەی بە بیرۆکەی کانی ویست کرد تا ئیستا هیچ قسەی نەکردووە دەربارەی لۆهان.





## دوللی شاهین:
# پێویستە ئافرەتانی هونەرمەند گرنگی بە جوانی خۆیشیان بدەن

کچە گۆرانیبێژ و ئەکتەری لوبنانی دوللی شاهین یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە بەردەوام ڕووبەڕووی رەخنە دەبێتەوە گوایە سنوور و هێڵە سوورەکانی بەزاندووە، ئەو لە دایکێکی بەرازیلییە ئەمەش بە ئاشکرا بەر ووخسار و جوانییەکەیەوە دیارە، تەنانەت زۆر لەو کەسانەی رەخنەشی لێدەگرن پێیانوایە ئەو خۆ رووتکردنەوە و وروژاندنەی یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی گۆرانی و فیلمەکانی هۆکارە کەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، لە رێگای باخۆس عەلوانی هاوسەرییەوە و لە دەرفەتێکی کورتدا بەم شێوەیە بۆ گوڵان دوا.

دوللی دەربارەی ئەو رەخنانەی ئاراستەی دەکرێن دەڵێ: من خۆم یەکێکم لەو کەسانەی کە لایەنگیری ئەو جۆرە گۆرانی گوتن دەکەم کە تێیدا دەنگ و رەنگ تەواوکەری یەکترن، بەڵام لە سنوورێکی دیاریکراوە واتە مەبەستم ئەوەیە کە پێویستە هونەرمەند گرنگی بە شێوە و چۆنیەتی دەرکەوتنیشی بدات، بەڵام نابێ ئەمە لەسەر حیسابی گۆرانی و هونەرەکەی بێت هەر کەسێك کە مەرجەکانی گۆرانی گوتنی و هونەری تێدا بەدی دەکرێت بەتایبەتی ئافرەتە گۆرانیبێژەکان پێویستە گرنگی بە جوانی خۆیشیان بدەن، چونکە هەر مرۆڤێك بە شتێك هەستیارە و کاریگەری تێدا دەکات. سەبارەت بە ورووژاندنیش جلوبەرگەکانم زۆر ئاسایین و هەر کچێکی لە تەمەنی من بوویێت ئەو جۆرە جلوبەرگانەی پۆشیوە، بەلام ناشکرێ بە جلوبەرگی ئاساییەوە مەلەوانی بکەم

لە بارەی ئاواتەکانیشی دوللی دەڵێ: ئاواتی سەرەکی من ئەوەیە جەماوەر لێم رازی بێت و ئەوەی پێشکەشی دەکەم چ لە بواری نواندن چ لە بواری گۆرانی گوتن مایەی خۆشحاڵی و رەزامەندی جەماوەر بێت، بۆیە ئاواتی گەورەی من ئەوەیە بچمە نێو دڵی جەماوەرەوە وئەو لێم رازی بێت، چونکە هەر هونەرمەندێك گۆرانی بۆ کەسانێك دەڵێت کە ئامادەن گوێی لێبگرن ئەگەر گوێیان لێی نەگرت کەواتە هیچی نەکرد.

مەی حەریری:

# نابێ هونەرمەند خۆی بە قۆناغێکی دیاریکراوەوە ببەستێتەوە

ئایا شانس رۆڵی لە سەرکەوتنی هونەرمەندان هەبووە؟ مەی حەریری لەم بوارەوە دەڵێ: بێگومان هەر مرۆڤێك لە ژیان لە خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیان بێبەش نییە، ئەمەش قسمەتێکە و بۆی دیاریکراوە، من وەك مرۆڤێك زۆر بڕوام بە شانس هەیە، چونکە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا جاری وا هەبووە زۆر یاوەرم بووە و رۆڵی سەرەکی هەبووە لە سەرکەوتنم، جاری واش هەبووە لێی بێبەش بووم لە کاتێکدا زۆر پێویستم پێی بووە.

مەی حەریری پێیوایە پێویستە هونەرمەند بۆ هەموو قۆناغەکان گۆرانی بڵێ، بەتایبەتی ئەو ماوەیەی تێیدا دەژی و لەم بوارەوە دەڵێ: بڕوام بەوە نییە هونەرمەند خۆی بە قۆناغێکی دیاریکراوەوە ببەستێتەوە، من هونەرمەندی ئەو قۆناغەم کە گۆرانی تێدا دەڵێم و جەماوەر حەز لە بیستنی بەرهەمەکانم دەکات، رەنگە دوای چەندین ساڵ لە واز هێنان لە هونەر ناوبانگ و گۆرانییەکانم هەر بمێنن و کەسانێك هەبن پێیان خۆش بێت گوێی لێبگرن، هەروەك چەندین هونەرمەندی گەورە کە ساڵانێکە لە ژیاندا نەماون، بەڵام هونەر و دەنگەکەیان هەرماوە و رەنگە بۆ چەند ساڵێکی دیکەش بمینێت لەوانە ئوم کەلسوم، عەبدولحەلیم حافز، فەرید ئەترەش لە میللەتانی دیکەش بە هەمان شێوەیە.

دەربارەی جیاوازی هونەر بەپێی قۆناغەکان مەی دەڵێ: ئێستا خەڵك حەز لە شتی خێرا دەکات، جاز و پۆپ و رۆك ئەمانەی دەوێ، بەڵام ناتوانین بڵێین سەردەمی هونەری پێشوو بەسەر چووە، هەرچەندە من لەو سەردەمەی ئێستادا دەژیم، بەڵام یەکێکم لەو کەسانەی کە زۆر حەز لە دەنگ و گۆرانییەکانی لەیلا موراد و گۆرانییە کۆنەکان بگرم، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە هونەرمەندانی ئێستا لە ئاستێکی بەرزدا نین، بە پێچەوانەوە ئێستا هونەرمەندی زۆر بە توانا هەن کەواتە هونەر هەر بەردەوامە، بەڵام هونەری ئێستا لق و پۆپی زۆری لێ بووەتەوە و فراوان بووە ئەمە سەبارەت بە هونەری گۆرانی گوتن.

سەبارەت بە هونەری رەسەنیش دەڵێ: ئەو هونەرەیە کە هونەرمەندێك بەرێز پێشکەشی دەکات رێزی خۆی و ئەو هونەرەی پێشکەشی دەکات دەگرێت، هونەری نارەسەنیش ئەوەیە کە کەسانێك بە ناوی هونەرەوە شتی سووك پێشکەشی دەکەن کارەکان لە ئاستێکی ئەوەندە نزمدان کە مرۆڤ رووی نییە تەنانەت سەیریشیان بکات. زۆر جار گوێمان



لـە ناکۆکییەکانـی نێـوان هونەرمەندان دەبێت لـەم بارەیەوە مەی حەریـری دەڵـێ: مـن دوورم لـەو شـتانە و حەز ناکـەم بچمە نێو ناوەڕۆکیانەوە و باسـیان بکەم، بەڵام هەسـت دەکەم لە ئەنجامی ئیرەیی بە یەک بردنی هونەرمەندان ئەو ناکۆکیانە دروست دەبن، زۆر ئاساییە کەسێك رەخنە لە کاری هونەرمەندێك بگرێت، بەڵام بـە مەرجێـك ئـەم رەخنەیـەی لە پێنـاو پێشخسـتنی کارەکەی و دووبارە نەکردنەوەی ئەوە هەڵانە بێت کە پێشتر لە بەرهەمەکانیدا بەدی کراون.

* سەبارەت بە سەختی هونەر بۆ ئافرەتان و ئایا تا چەند راستە کە پێویستە تەنازول بکەن بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بن، مەی دەڵێ: هەندێـك کـەس هەن کـە ناتوانن لە بواری هونەریدا سـەرکەوتوو بـن و شـوێنی خۆیـان بکەنەوە، بۆ ئەوەی سـەرنەکەوتنی خۆیان داپۆشن و لە سەرکەوتنی هونەرمەندانی تر کەم بکەنەوە ناچار دەبن ئەم جۆرە قسـانە بکەن، من بە ئەرك و ماندوو بوونی خۆم گەیشتوومەتە ئەو ئاستەی ئێستا کەسیش ناتوانێ نکۆڵی لەوە بـکات یـان پێـم بلێ ئەوەی بەدەسـتت هێناوە بە ئـەرك و ماندوو بوونـی خـۆت نەبـووە، چونکـە بـاش دەزانن من چیم کـردووە تا بتوانـم بـەردەوام بـم، لەوانەشـە ئافرەتـی وا هەبـن بـەو کاری وا پێشکەشـی دەکـەن کـە جەمـاوەر بـە کاری نەشـیاو و قێزەوەنـی نـاو ببـات و نەتوانـن بـەردەوام بن و کارەکانیـان هیچ مەرجێکی هونـەری تێـدا نەبێت ئەمانـە دەرفەتیان بە کەسـانێك دابێت ئەو جۆرە قسانە بکەن.

لـە بـارەی ئەوەی کە بەشـێك لـە ئافرەتە لوبنانییەکان پشـت بە جوانی و ورووژاندن دەبەستن بۆ سەرکەوتن مەی حەریری دەڵێ: پێویسـتە هەمـوو کەسـێك کاتێك قسـەیەك دەکات، یـان لێدوانێك دەدات سـەبارەت بە هەر شـتێك سـەرەتا دەبێ بە ئینسافەوە قسە بـکات و بێلایـەن بێـت و لـە هەمـان کاتدا خەمخۆری ئەو شـتە بێت کە رەخنەی لێدەگرێت و زیاتر مەبەسـتی پێشخسـتنی بێت، ئەگینـا نابێتـە رەخنە بەڵکـو من بە دژایەتیکردنی دەزانم، کەس ناتوانێـت حاشـا لـە هونـەری لوبنانی و رەسـەنایەتی گۆرانی و موزیکی لوبنانی بکات و وەك پێشـتریش ئاماژەم پێکرد ئێسـتا هونەری لوبنانی قۆناغی زۆری بڕیوە و پێشکەوتووە، سەبارەت بەوانەی کە بە (جەستە گۆرانی دەڵێن) منیش دەڵێم کەسانێکی وا هەن لەوانەیە رۆژێك لە رۆژان منیشیان بەوە تاوانبار کردبێت، بەڵام هونەری رەسـەن و پاك و ئەوەی دەچێتە ناخی جەماوەرەوە هـەر بـە زیندوویـی دەمینێتـەوە و شـوێنی خـۆی لـە نێـو دڵی جەمـاوەر دەکاتـەوە، من ناڵێـم ئەو دیاردەیە نییە، بەڵێ لە لوبنان و لە زۆر شـوێنی دیکەی جیهانیش ئەمە هەیە، بەڵام جەماوەر هونـەری راستەقینە جیـا دەکاتـەوە لە هەر هونەرێکـی دیکە و تەنانـەت ئەوانەی کە دەستخۆشـیش لـەو ئافرەتانە دەکەن کە بە جەسـتە گۆرانـی دەڵێن و چەپڵەیان بـۆ لێدەدەن ئەوانیش بڕوایان بـەو جـۆرە کارانـە نییـە و تەنیا بـۆ کاتێکی کەمـی دیاریکراوە رەنگە دەستخۆشـییان لێبکەم کە ئەویشـیان لە دڵەوە نییە، بۆیە ئـەو جـۆرە گۆرانیبێژانـە دیاردەیەکـی کاتین و ناتوانـن بەردەوام بن تەنانەت ئەگەر هەموو پشـت بەستنیشـیان بە جەسـتە و خۆ دەرخستنیش بێت.



مـەی حەریـری لـە خێزانێکی باشـووری لوبنـان لە دایك بـووە وەك زۆربەی کچە گۆرانیبێژەکانـی دیکەی لوبنان سـەرەتا بـە مۆدێـل و ریـکلام دەسـتی پێکـردو ئینجا وەك ئـارەزوو و حەز و بە هانـدان و یارمەتیدانی چەند کەسێك ئەویش خۆی خزاندە نێو جیهانی گۆرانی و هونەرەوە، تا ئێستا نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە خۆی پێی رازی بێت و بە لوتکەی دابنێت، بەڵام هەمیشە بەردەوامە لە پێشکەشکردنی کاری نوێ.